## رۆژنامەنوسانی گەرمیان

## پرۆژە یاسای  هەموارکراوی رۆژنامەنوسانی کوردستان تاوتوێدەکەن

**کەلار / سەباح عەلی جاف**

**رێکخستنی کاری رۆژنامەنوسی لە کوردستان بە هەموو کەناڵەکانیەوە یەکێکە لە کارە باشەکانی کۆمەڵگەی کوردی کە هەنگاونانە بەرەو دەوڵەتی یاساو کۆمەڵگە مەدەنی , دەڤەری گەرمیان لە ئێستادا ژمارەیەك لە کەناڵەکانی میدیای تێدایە کە کۆمەڵێك رۆژنامەنوس کاری تێدا دەکەن , لەم ریپۆرتاژەدا چەند رۆژنامەنوسێکی گەرمیان بۆچونی خۆیان لە سەر (  پرۆژە یاسای هەموار کراوی کاری رۆژنامەنوسی لە کوردستان  ) بەم شێوەیە خستوەتە روو کە هەمویان خوازیاربوون رەخنەو پێشتیارەکانیان لە لایەنە لیژنە ئامادەکارەوە بە هەند وەربگیرێ .**

**مەجید ساڵح – سەرنوسەری ئایندەی گەرمیان**

**ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی زۆر سادەو ساکار و بە گوێرەی گۆڕانکارییەکانی سەردەم نیە , کاتێك دەڵێم بە گوێرەی گۆڕانکاریەکان نیە مەبەستم ئەوە نیە سنوری ئازادی بۆ رۆژنامەنوسانی کوردستان بەر تەسك کردووەتەوە بە  پێچەوەانەوە ئازادییەکی زۆری بۆ رۆژنامەنوس فەراهەم کردووە بەبێ ئەوەی ئەرکەکانی دیاری کرا بێت . مەبەستم لە گۆڕانکاریەکان ئەو هەموو گۆڕانکاریانەیە کە لە بواری میدیادا روویان داوە و هموو شتێك دیجیتاڵی بووە , بە رۆژنامە و تەلەفیزیۆن و رادیۆوە تەنانەت خودی رۆژنامەنوسیش , کەچی ئەم یاسایە بۆ رۆژنامەنوسی کاغەزی دانراوە و بە هیچ شێوەیەك رۆژنامەنوسی بینراو بیستراو ئەلیکترۆنی ناگرێتەوە . ئەمە لە کاتێکدا رۆژنامەنوسی کاغەز بەرەو لە ناوچون دەچێت و برەو بۆ کاری رۆژنامەنوسی بینراو بیستراو ئەلیکترۆنی زیاتر دەرەخسێت .**

**پرۆژەکە نە لە  پێناسەو نە لە وەرگرتنی شێوازی وەرگرتنی مۆڵەت بۆ کردنەوەی رادیۆ و تەلەفیزیۆن و رۆژنامەی ئەلیکترۆنی خۆی نەداوە لە قەرەی ,  پێدەجێت بۆ نووسیەنەوەی ئەم پرۆژەیە برادەرانی ئامادەکار سودیان لە سەرچاوەیەك وەر گرتبێت کە  پێش ئەم هەموو گۆڕنکاریانە نوسراو بێت .لە یاساکەدا نەلە دوور نە لە نزیك باس لە دەستوری هەرێمی کوردستان نەکراوە .**

**گرنگترین مافێك کە  پێویستە بۆ رۆژنامەنوسان دابین بکرێت " مافی بەدەست هێنانی هەواڵ و زانیاریە " کەچی لەم  پرۆژەیەدا بە زەقی باسی لێوەنەکراوە , دام و دەزگا حوکمی و ناحوکمی بە  پێی یاسا ناچار نەکراوە**

زانيارييەكان بدەن بە رۆژنامەنوس .

من پێم وایە باشترین کار ئەوەیە یاساکە تەمریر نەکرێت تا دەستور دادەنرێت و خەڵکی شارەزاتر ببیننن.

## سروە جەوهەر – رادیۆی تەوار

رێکخستنی پیشەی رۆژنامەوانیلە رێگەی یاساوە د ەتوانێت کارئاسانی باش بکات و بە فیعلی ببێتە دەسلاتی چوارەم , ئەم پرۆژە یاسای سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان چەندین بەندی زۆر باش لە خۆدەگرێت کە دڵنیام گەر وەك خۆی جێبەجێ بکرێت بەشی زۆری ئەو ئاستەنگیانەی کە دێنەی رێگەی رۆژنامەنوس بۆ برەودان بە پیشەکەی نایهێڵێ .

لەگەڵ ئەوەیشدا بێ کەم وکورتی بێ خەوش نیە وەك لە بەندی هەشتەم شتە قەدەغە کراوەکان , پێم وایە زۆر خراپ دەستی رۆژنامەنوس دەبەستێتەوە لە قسەکردن و بەدواداچون لەسەر بنەما ئاینینەکان و بەداخەوە بەندی ناوبراو تەواو پێچەوانەی ئازادی رادەربڕین وگۆڕانەلە پێکهاتەی کۆمەلایەتی. بۆ نمونە ئێمەی ژنان زۆر دژی چەند بابەتێکین کە دین وەك شتی سابت لەمەسەلەی ژنان ئاماژەی بۆ کردووە و جێ سەرەنجی ئێمەیەو پلە دوویی ژنان دەسەلمێنێ . سەندیکای رۆژنامەنوسان رێگەمان لێ دەگرێت تەنانەت قسە لەسەر ئاین بکەین بەواتایەکی دی سەندیکا لە رووی کۆمەلایەتیەوە دەیەوێ کۆمەڵگە هەر دۆگما بمێنێتەوە .

## عەدنان سەید حسێن –رۆژنامەی زەنگ

ئەم کارە مایەی دەست خۆشیە بە هەولێك دادەنرێت لە لایەن ەسەندیکاوە , کردنەوەی دەرگای گفتوگۆیش بۆ قسەکردن لە بارەیەوە بە سەرکەوتن بۆ سەندیکای رۆژنامەنوسان دادەنرێت . بەلام لەگەڵ ئەوەیشدا بەرای من نابێت ئەم پرۆژەیە یاسای بکرێت بە بێ وەستان لە سەر خاڵە لاوازەکانی و هەوڵدان بۆ گۆڕانیان , بە رای من لاوازترین خاڵی ئەم پرۆژە یاسایە ئەوەیە ئەم پرۆژەیە تایبەتە بە رۆژنامەو کەناڵەکانی تری میدیای وەك رادیۆ تەلەفیزیۆن و رۆژنامەی ئەلیکترۆنی پشت گوێ خستووە لە کاتێکتدا لە بەندی یەکەمی پرۆژەکەدا پێناسەی رۆژنامەنوسی بەوەکردووە کە کاری ئە نجامدانی ئیشی رۆژنامەوەانیە .

لە خاڵە لاوازەکانی تری ئەم پرۆژە یاسایە لە بەندی دووەمی یاساکەدا ئەوەیە کە رۆژنامەنوس ئازادە لە بلاوکردنەوە لە سنوری یاساو لە چوارچێوەی پاراستنی ئازادییەکانی تاك و رێسا گشتیەکان لە کاتێکدا کە دەبینین رۆژنامەنوس دەبێت ئازاد بلێت.

## ئارام ئیکرام – رۆژنامەی شێخ لەنگەر

پرۆژەی یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنوسی لە کوردستان زەرورەتێکە پێویستە هەبێت, لەچاو ئەوەی پێشوودا هەندێك گۆڕانکاری باش کراوە بەلام هێشتا پێویستی بەدەستکاری کردن هەیە .

ئەم پرۆژەیە هەندێك دەستەواژەی تێدایە پێویستی بە پێناسەکردن هەیە بەلام پێناسە نەکراوە وەکو

دەستەواژەکانی ( ئاسایشی هەرێم , رێسا کۆمەلأیەتیەکان.. ) هەر لە بەشێکی تری یاساکەدا هاتووە دەبێت ئەو کەسانەی بەرپرسن و زانیاری و هەواڵیان لایە پێویستە بیخەنە بەردەستی رۆژنامەنوسان بەلأم سزاکەی دیاری نەکراوە بۆ ئەو بەرپرسانەی کە زانیاریان لایەو نایدەنە رۆژنامەنوسان و دانانی سزایەك بۆ ئەم مەبەستە زۆر گرنگە .

خاڵێکی تر کە ناحەقی تێدا کراوە بەرامبەر رۆژنامەنوسان ئەو سزا مادییە کە بۆ رۆژنامەنوس دانراوە بە دوو ملیۆن دینار دیاری کراوە , ئەمە نەك زۆرە بەڵکو غەدرێکی زۆر گەورەیە و من داوا دەکەم ئەو برە پارەیە کەم بکرێتەوە بۆ ئاستی ئەو سزایەی کە بۆ رۆژنامە دانراوە.

## شیلان محەمەد – رادیۆی تەوار

دانانی یاسایەك بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەنوسی لەم سەردەمە پڕ گرفت و ئاڵۆزەدا هەروا سانا نیە گەر زۆر بە دیقەتەوەحیساب بۆ ووشەکانی ناو بەندەکانی یاساکە نەکرێت و ووردبینی بۆ لەمپەرەکانی بەردەم کاری رۆژنامەنوسی نەکرێت.

من دەسخۆشی لە لیژنەی ئامادەکاری ئەم پرۆژەیە دەکەم کە بەم کارە هەستاون و ماندوبوون , من دوو تێبینیم لە بارەی پرۆژە یاسایەکەوە هەیە :

1/ لە بەندی یەك لە بەشی یەکەمدا , بۆ ئەوەی پێناسەی (کوردستان) ی گەورە لە دەست نەدرێ پێم باشە وشەی (باشور) بخرێتە پاڵ کوردستان و بکرێتە هەرێمی باشوری کوردستان.

2/ لە خاڵی یەك لە بەندی دوەمدا , دەکرێت دەستکاری بکرێت و رۆژنامەنوس ناچاری پابەندبوون نەکات بە عادات و عورفی کۆمەڵگە چونکە دەزانین زۆربەی کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێمە لە روی دواکەوتوییوە دەرهاویشەی ئەو عورف و عادەتە نادروستی ئێمەیە , دەکرێ لەبری ئەوە بنوسرێ زیان بە ئامانجە گشتیەکانی گەل و نیشتیمان نەگەیەنرێت.

## مەلا تەحسین گەرمیانی – سەرنوسەری گۆڤاری گیرفان

ئەم رەشنوسەی کە ئێستا بەر دەستە نەبوونی باشترە لەوەی کە بەم شێوەیە بچەسپێ و رۆژنامەنوسان بەگشتی رەخنەی زۆریان لێی هەیە , دەکرێ رەخنەو پێشنیارەکان کۆبکرێنەوە بۆ گۆڕانکاری لە یاساکەدا .

من ئەم چەند پێشنیارە دەکەم :

* ناوی پرۆژەکە بگۆڕدرێت بۆ ئەم شێوەیە ( پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەوانی لە کوردستان ) واتا ووشەی رۆژنامەنوسیەکە تەنها بۆ کاری نوسینە ئەو جۆرەکانی تری کاری رۆژنامەنوسی لە رادیۆ و تەلەفیزیۆن و رۆژنامەی ئەلیکترۆنی ناگرێتەوە , گەر کەسێك لەو کەناڵە میدیانەدا تەشیری بە کەسێك کرد چ یاسایەك دەیانگرێتەوە

*لە بەندی دووەم لە خاڵی یەکەمدا باس لە ئازادی رۆژنامەنوس کراوە کە گوایە هیچ سانسۆرێکی لەسەر نیە بەلأم لە خوارەوە بە ئازادییە تاییەتەکانی وەك تاك و کلتور و ئاین بەرتەسك کراوەتەوە و بە یەکێك لەوانە دەتوانرێ رۆژنامەنوس تاوانبار بکرێت چونکە تا هەنوکە هەرێمی کوردستان خاوەنی دەستور نیە تا بزانرێ

ئەو ئاین و یاساو کلتورە چی دەگرێتەوە .

## گەرمیان حەمە خان – سەرنوسەری خوێندنی نوێ

پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنوسی لە کوردستان بە بڕوای من کارێکی زۆر باشە و دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ رۆژنامەنوسان چونکە گەلێك مافی باش یۆ ئازادی رادەربڕین و رێگرتن لە هەندێك کاری نەشیاو دەستە بەر کردووە بە تایبەت لە بەشی سێیەم – بەندی پانزەیەم لە مافەکانی رۆژنامەنوس , گەلێك مافی باشی بە رۆژنامەنوس داوە بەلاَم لەگەلَ ئەوەیشدا بەدەر نیە لە کەم و کوڕی , بۆ نمونە لە بەشی یەکەم ولە بەندی یەکەم لە پێناسەکاندا تەنها پێتاسەی رۆژنامە کراوە کەچی رادیۆ و تەلەفیزیۆن پێناسە نەکراوە وەك ئەوەی کە ئەمانە کاری رۆژنامەنوسی تێدا ئە نجام نەدرێت .

بەبڕوای من هەندێك خالَی رون نیەو جێگەی پرسیارە , بۆ نمونە بەشی یەکەم – بەندی دووەم لە خالَی ( 7 ) دا لە ئازادی رۆژنامەنوسیدا هاتووە نابێت بە هیچ شێوەیەك رۆژنامە رابگیرێ رێگە لە دەرچونی بگیرێت تەنها بە بڕیارێکی دادوەر نەبێت ؟ ئەمە بەچی و چۆن ؟ .